خولی دووهەم ژمارە (42)
سێشەممە 15- 12- 2009 (سەرماوەز2709ی کوردی)

# سمکۆ ئەحمەد: ئەنفال لەرزەیەك بوو تۆوی ترسی بۆیەکمجار لە دڵمدا رواند، ئێستاش قیژەی ئەو کەسانەی لە بێدەنگیدا زیندەبەچاڵ کران دێنە بەرگوێم. بیابانەکان بوونە ئەژدیها و منداڵە پێڵاو لاستیکەکانیش بوونە ئاسکی نێو جەنگەڵی پڵینگە برسیەکان



▪ دیداری سۆران ئازاد

▪ کاتێك بە قووڵی لە تابلۆکانت ورد دەبینینەوە، دەبینین ئەو رەنگ و هێڵ و فیوگەرانە زادەی خەیاڵی فراوان و روانینی بێسنوورن. بەبروای تۆ هونەر تاچەند خۆ رزگارکردنە لە حەقیقەت؟ تۆ تاچەند لە هونەردا خۆت دۆزیوەتەوە؟

سمکۆ ئەحمەد: بەبروای من هونەر خۆرزگارکردن نیە لە حەقیقەت، بەڵکو دارشتنەوەی حەقیقەتە لە خەیاڵ و زهنی هونەرمەندەکەدا. من زیاتر لە هونەردا خۆم دۆزیوەتەوە هەتا لە ژیاندا. لەهونەردا من هەر منداڵەکەی گەرەکی رزگاریم. زەمەن گۆرانم لا دروست ناکات. کاتێك چاوم لە کانڤانسەکەم سەما دەکات، کاتێك دەستم ختوکەی رەنگەکان دەدات، من لەم سەردەمە نیم، بەڵکو لە جیهانی فەنتازیای خۆمدا دەژیم، جیهانێك خۆم دورستی دەکەم و خۆم رەنگی دەکەم، چۆنم بوێت وای دەهێنم و دەیبەم. وەك چۆن کەسانێك تەسەوریان بۆ خودا هەیە، کە جیهانی ئێمە بەدەستی ئەو دێت و دەروات، منیش دەبمە ئەو خودایە و جیهانێك بەئارەزووی خۆم دروست دەکەم. من ئەم جیهانەیەم پێخۆشترە هەتا جیهانەکەی دەرەوەی تابلۆکان. خۆشم ون نەکردووە لەم جیهانەمدا لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەدوای خۆمدا بگەریچم و خۆم بدۆزمەوە.

▪ چیی وای لێکردوویت هەست بکەیت هێزێکی شاراوەی دیکە بۆ خولقاندنی جیهانێکی خەیاڵی هەیە؟ تەعبیرکەری ئەو جیهانەش تەنها "هونەر و ئەدەب"ـە، ئایا دۆزینەوەی زمانی تەعبیرکردن لەخود پێویستی بەوەیە هێزێك پاڵت پێوەبنێت؟ ئەو هێزە چی بوو وای لە تۆ کرد تابلۆ بکێشیت و شیعر بنووسیت؟ بەبروای تۆ هێزی شاراوەی "هونەر و ئەدەب" لە کوێدایە؟

سمکۆ ئەحمەد: وەك چۆن ئێمەی ئینسان بالآمان جیاوازە، ئاواش قووڵی ناخمان جیاوازە. لەناخی هەر یەکێکماندا جیهانێکی خەیاڵی هەیە، "خەونە، خۆشەویستیە، سێکسە، گەنجبوونەوەیە...هتد". هونەرمەند ئەو جیهانە فەنتازیایە بەرجەستە دەکات، کەلەدەست کەسی ئاسایی نایەت. من هەردەم حەزم کردووە چیرۆکەکانی ناخی خۆم بگێرمەوە و تەعبیریان لێبکەم، بۆیە من بە رەنگ و وشە کۆنێکشنی نێوان جیهانی ناوەوەی خۆم و جیهانی دەروەی خۆم دروست دەکەم. من لەهونەردا بەدوای ئازادیەکانی خۆمدا دەگەرێم، کەلە جیهانی دەروەدا لێم زەوت کرابوون یان زەوت کراون. شتە بڤەکان، قەدەغەکان، پر لەلەزەتەکان، ئەو شتانەی لەجیهانی دارێژراوماندا گەر بیکەین، لەوانەیە لەسەری بەرد باران بکرێین، بەڵام لە جیهانەکەی مندا لەسەری گوڵ باران دەکرێین.

▪ لە تابلۆی "ئاسمان دایکمە"دا دەلالەت لە ئازاری دایکەکان دەکەیت. تێروانینی تۆ بۆ دایك چییە؟

سمکۆ ئەحمەد: تابلۆی ئاسمان دایکمە، ئاسمان ئاوی زەوی دەدات و دایکمان شیرمان دەداتێ و ژیان دروست دەکەن. من دایکم زۆر خۆش دەوێت. دایکم رەمزی هێز و میهرەبانی بوو لە ژیانمدا. کاتێك باوکم کۆچی ئەبەدی کرد، دایکم تەنها 29 ساڵ بوو لەگەڵ 7 منداڵدا ژیانێکی خۆشمان هەبوو هەتا رۆژی 2008/4/4، کە جادەی سالم و شۆفێرێکی منداڵی بێ مۆڵەتی بێهەست لەولآتێکی بێ یاسا و بێرەحم بریاریاندا نەگاتە ئەو بەری جادەکە لەساڵی 1968ەوە شاهیدی خەونەکانین. خەونەکانیان کوژاندەوە بۆ ئەبەد. گەورەیی دایك لە تابلۆ و وشە زۆترە.

▪ لە ماڵپەرە تایبەتیەکەدا چاوپێکەوتن و نوسینی میدیاکانی بیانی بەتایبەتی میدیاکانی ولآتی ژاپۆن لەبارەی تۆ و کارە هونەریەکانتەوە دەبینین، بەڵام لە



میدیا کوردیەکان کەمتر، تۆ ئەمە بۆچی دەگەرێنیتەوە؟ تێروانینی تۆ میدیا کوردیەکان چییە؟

سمکۆ ئەحمەد: میدیا کوردیەکان جارێ هەرزەن، لای خۆمان سیاسەت هونەری بۆگەن کردووە، لەگەڵ رێزمدا بۆ هەندێك گۆڤار و بلآوکراوە، کە ئەوانیش چالێنج دەکەن بۆ راگرتنی نرخی هونەر. لەوانەیە لە ژاپۆندا لەژمارە دانیشتووانی هەموو کوردستانی گەورەش زیاتر خەڵك بەکارەکانمەوە ئاشنا بووبن، بەڵام لای خۆمان ئەو بایەخەم نەدیوە. پێم وابێت دووریم بووە لە حیزب و پارتە دەستەڵآت دارەکانەوە. هەر واشم پێ باشە، کەبەکەسێکی ئازاد بمێنمەوە. ژیان وا پر ماناترە. ئەوەشت لەبیر نەچێت گەر چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی یابان بکەیت بەئاسانی دەگەیتە 130 ملیۆن بینەر، من لەرێی خودی خۆم و چالاکیە هونەریەکانمان کوردستانم بەرەنگەکەی بەهەشت گەیاندۆتە یابان. ئەوا ئەرکی سەرشانی نەوەی ئێمەیە.

▪ تۆ چەند تابلۆیەکت هەیە لەسەر جینۆسایدی ئەنفال. ئەنفال وەك جینۆسایدێك تاچەند کاری لە خەیاڵەکانت کردووە؟ خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەنفال چییە؟

سمکۆ ئەحمەد: ئەنفال لەبەردەم لووتی گەنجێتیمدا روویدا، لەرزەیەك بوو تۆی ترسی بۆیەکمجار لە دڵمدا رواند. ئێستاش قیژەی ئەو کەسانەی لە بێدەنگیدا زیندەبەچاڵ کران دێنە گوێم. بیابانەکان بوونە ئەژدیها و مناڵە پێڵاوە لاستیکەکانیش بوونە ئاسکی نێو جەنگەڵی پڵینگە برسیەکان. من هەردەم وا هەست دەکەم ترسنۆکی ئێمەش لەو کاتەدا بەشێکە لەو تاوانە. حەز دەکەم بە تابلۆکانم پاداشتیان بدەمەوە، چونکە دەکرا من و تۆش ژمارەیەك بوونایە لە ژمارەکانی ئەنفال. چونکە گەر ئەوان تاوانێکیان هەبووبێت کە کورد بوون، ئێمەش ئەو تاوانەمان هەبووە. ئەو ولآتەی ئێمە هەمان بوو چەند بۆگەن بوو، وەکو تابلۆیەکی زەیتی وابوو هەتا دوور نەکەوتمەوە هەموو تابلۆکەم نەدی. خوێندنەوەی من بۆ ئەنفال هەر ئەنفالە. ئەنفالەکەی ناو کتێبە پیرۆزەکە و ئەنفالەکەی سەدام بۆگەنیان مێژوو کاس دەکات.

▪ تۆ بۆ کاری خێرخوازیی رووت کردۆتە چەند ولآتێك لەوانە "سیرالیون و ئەفریقا و کۆسۆڤۆ و ئەلبانیا و ئەفگانستان و پاکستان" وەك خۆشت ئاماژەی پێدەدەیت ژیان لەوێ وا رسکاوە بە ئازار کەئەستەمە لێکیان جیا بکەینەوە. ئامانجت چیبوو لەو کارە خێر خوازیانەت؟

سمکۆ ئەحمەد: بەرێز کاك سۆران من لەگەڵ رێکخراوی شنە بای ئاشتی یابانی کار دەکەم و لەگەڵ ئەوانیشدا هاتووم بۆ یابان، من وەك ئەندازیارێکی مەدەنی هاوکاری ئاوارەکان دەکەم لە دیزاینی کامپ و قوتابخانە و جادە بان..... لای من مرۆڤ سەرەکیە نەك نەتەوە، لە هەموو شوێنێ ئاسمان شینە، من لەو زەویە حەزینانەی کەبۆیان دەچم، هەست بەوە دەکەم ئازارەکان



یەك شتن، بەڵام زمانی تەعبیرەکان جیاوازن، ئامانجی من لەو ولآتانەی بەخۆبەخش کارم تیا کردوون تەنها لایەنە مرۆڤایەتیەکەی کە کامەرانی بە رۆحم دەدات.

▪ ئەگەر ئەدەبی کوردی چ شیعر و چ چیرۆك و رۆمان کەم و زۆر بووبێتە جێگای رەخنە و لێکۆڵینەوە، بەڵام هونەری شێوەکاری زۆر بە دەکمەن قسەی لێوەکراوە. ئایا تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێنیتەوە؟ ئایا پێت وایە قسەکردن لەبارەی ئەو هونەرەوە زەحمەتر بێت لە هی شیعر و چیرۆك و رۆمان؟

سمکۆ ئەحمەد: لای ئێمەی کورد ئەدەب و شیعر مێژوویەکی زووتری لەهی شێوەکاری هەیە. پێم وانیە نوسین لەبارەی شێوەکاریەوە هێندە گران بێت، چونکە شێوەکاری تاقە بواری هونەرە، کەپێویستی بە وەرگێران "ترجمە" نیە. باشترین جۆری هونەرە یان ئارتە، کە بائاسانی بگاتە گەلانی تر، من نوسین و وێنە کێشانم پێخۆشە. هونەرمەند دەتوانێت تابلۆیەك بە وشە بکێشێ و لەهەمانکاتدا دەتوانێت چیرۆکێك یان هۆنراوەیە بە رەنگەکان بکێشێت.

▪ تێکەڵکردنی مرۆڤ و شتەکان، بەمانایەکی دیکە تێکەڵکردنی گیاندار و بێگیان، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی کارە هونەریەکانت، کەهەمان ستایل لای کاروان کاکەسووریش هەیە بەتایبەتی لە رۆمانی "مامزێر"دا. تۆ ئەم لێکچوونە بۆچی دەگەرێنیتەوە؟ لات وایە بیرکردنەوەی قووڵی تۆ و کاروان بەو ئەنجامەی گەیاندوون؟

سمکۆ ئەحمەد: من ئەو رۆمانەی کاك کاروانم نەخوێندۆتەوە جارێ، بەڵام ئێستا حەز دەکەم بیخوێنمەوە بزانم ئەو لێکچوونە چییە کە کاك سۆران هەستی پێکردووە. لای من ئینسان بەشێکی رووداوەکانی ناو تابلۆکانمن، هەردەم لە سەحرای خەیاڵمدا خۆم وەك ئادەم بەدوای ئادامێکی تردا دەگەرێم، خۆم لە تابلۆکاندا هەم، بەڵام نابیندرێم. تەنها خۆم هەست بەو مەوقیعیەتەی خۆم دەکەم، شتەکان تەواوکەری چیرۆکەکانمن، تایە رەمزی زەمەنە، کە هەردەم لە دەوران دایە، مناڵە جل سوورە پانتۆڵ شینەکەی رەمزی بەرائەت و هەڵگری پاشەرۆژن. هەرگیز دەم و چاوی نیشان نادات. لە تابلۆیەکدا میز دەکاتە قودەی ئەنفالچیەك لە قەبرستانی سەحرادا، لەلایەك تایەکەی پێیە سەیری حاجی لەقلەقەکەی سەر شێخەڵا دەکات، کەلەجەنگی ناوەخۆدا کوژرا، لەلایەك سەیری دیمۆنیستەرە شینە لانی حامیەکە دەکات و سەیری خۆری باوەشی شاعیر ئەبوبەکری عەلی دەکات.

▪ دەکرێت بە پرسیارێکی هەمیشەیی دووپاتبووەوە دەستپێبکەم وبپرسم (سمکۆ ئەحمەد کێیە؟)

سمکۆ ئەحمەد: من سمکۆ ئەحمەد لەساڵی 1970 لە سلێمانی لەدایکبووم، لەساڵی 1996 لەسەرەتایی کاری هونەریم رومکردە ولآتی ژاپۆن و لەوێ نیشتەجێی بووم، خاوەن بروانامەی "ماجستر لەبواری ئەندازیاری و مەدەنی زانکۆی تۆکیۆ" و "دبلۆما لە جاپۆنۆلۆجی لە پەیمانگای تۆکیۆ بۆ زمان" و "دبلۆما لە هونەری کالیگرافی یابانی لەپەیمانگای هونەری MIFA لە تۆکیۆ" و "بەکالۆریۆس لەبواری ئەندازیاری مەدەنی لەزانکۆی سەلآحەدین"م. جگە لەمە ئەندامی "دەستەی هونەری جالا لە ژاپۆن، لێپرسراوی بەشی شەرقلئەوسەت و ئەمەریکای لاتین، بۆ (جالا بینالی) لەهۆڵی میترۆپۆلیتان لە تۆکیۆ" و دامەزرێنەری" چیرمانی کۆمەڵەی هونەری باران"م.

▪ سوپاس بۆ ئەم گفتووگۆیە و دوا پەیام و بەرنامەی داهاتووت چییە؟

سمکۆ ئەحمەد: پەیامم؟ هیوادارم نموونەتان زیاتر بێت و زۆر نالیستی مۆدێرن و دوور لە ختوەکە








سیاسیەکان لە کوردستاندا گەشە بکات. لەبارەی چالاکیی ئایندەم، ئێستا سەرقاڵی رێکخستنی جالا بینالم" یابان، ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکای لاتین، ئەمەریکای ئارت و ئەسۆشیشین" لە هۆڵی میترۆپۆلیتان لە تۆکیۆ، دەبێت جگە لە کارەکانی خۆم کاری 30 هونەرمەندی کورد و ئەمەریکای لاتین هەڵبژێرم تا بەشدار بن تێیدا. هەروەها لە لەندەن سەرقاڵی پێشنەگایەکی تایبەتی خۆمم، جارێ بریاری کات و شوێنم نەداوە■